ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

Windows Movie Maker 2

نووسەر: :@

پرۆگرامی Windows Movie Maker پرۆگرامێکی زۆر جوان و گرنگ و بەسوودە و بە بڕوای من بوونی لەهەموو کۆمپیوتەرێکی ڕەنگینداشتێکی پێویستە.
وانەکان سەبارەت بەم پرۆگرامە زنجیرە یا بەتێک دەبێت. هەمووشیان لەسەر وەشانی 2 ی Windows Movie Maker دەنووسرێن.
وەشانی یەکەم و دووەم جیاوازیەکی زۆریان لە نێوانە و دووەم زۆر ریکوپێکترە.
کاری ئەم پرۆگرامە چیە؟
Windows Movie Maker دەتوانێ بە شێوەیەکی ئاسان و پێشکەوتووانە دەستکاری پەرگەکانی ڤیدیۆ بکات و چەندین وردەکاری دیکەش کە لە داهاتووەکانی ئەم زنجیرە بابەتەدا شیدەکرێنەوە.
ئەگەر پرۆگرامەکەت نیە، دەتوانی لێرە دایبگریت، نرخەکەی خۆڕاییە و بەرهەمێکی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت ـە.
http://www.download.com/3001-2194-10187903.html
یان دەتوانی لەرێگەی Windows Update ـەوە دایبگریت.
http://windowsupdate.microsoft.com
پاش داگرتن و دامەزراندن، بیکەوە، پەنجەرەی سەرەکی پرۆگرامەکە بەم شیوەیە دەبێت.




1< لیستەکانی پرۆگرامەکە، هەموو ئەو لیستەنا لە داهاتووەکانی ئەم زنجیرە بابەتەدا شیدەکرێنەوە.
2< بەشی پێشبینینی پەرگەی ڤیدیۆ لەکاتی دەستکاریکردندا.
3< ئامرازەکانی دەستکاریکردنی ڤیدیۆ. بەشانێکی زۆر گرنگ و بەسوودن، زۆربەی کاریگەری و فەرمانەکانی پرۆگرامەکەی لەخۆ گرتووە.
4< هێڵی کات، ئەو بەشەی کە بەشەکانی پەرگەکانی ڤیدیۆی لەسەر دەردەکەوێت و کاتەکانیان پیشان دەدات.

---

لیستەی File.




1> New Project Ctrl+N، پرۆژەیەکی نوێ، دەتوانی پرۆژەیەکی نوێ بکەیتەوە کە کارەکانی تێدا کۆبکەیتەوە و وەک پرۆژەیەک دەستکاری بکەیت.
2> Open Project Ctrl+O، کردنەوەی پرۆژەیەک، ئەگەر پێشتر پرۆژەیەکت کردبێتەوە، دەتوانی لێرەوە جارێکی دیکە بکەیتەوە.
3> Save Project Ctrl+S، پاشەکەوتکردنی ئەو پرۆژەیەکی کە کراوەیەو کاری لەسەر دەکەیت.
4> Save Project As... F12، پاشەکەوتکردنی پرۆژە وەک، یان بەناوێکی دیکەوە.
5> Save Movie File Ctrl+P، پاشەکەوتکردنی پەڕگەی ڤیدیۆ، لەکاتێکدا چالاک دەبێت کە پەڕگەیەکی ڤیدیۆت کردبێتەوە.
6> Capture Video Ctrl+R، تۆمارکردنی ڤیدیۆ و وەرگرتنی لە کارتی ڤیدیۆ/تیڤی یان کامێرای بەستراوە بە کۆمپیوتەرەکەتەوە.
7> Import Into Collection Ctrl+I، هێنانی پەڕگەکانی دەنگ و ڕەنگ و وێنە بۆ نێو پرۆگرامەکە بۆ ڕێکخستن و دەستکاریکردنیان.
8> تایبەتمەندیەکان / تایبەتمەندی پەڕگەی کراوە.
9> داخستن.
کۆتایی.

Oct 2005 13

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت